# وەڵامێك بۆ ملازم رزگار ناسیح عەبدول.... لەبەرزان ئەحمەد كوردەوە

دواكارییەكەت كە لە رێگەی پێگەی كوردستان نێتەوە ئاراستەت كردبووم بە دەستم گەیشت, بۆ وەڵامدانەوەی جەنابت و بۆ پێش چاوی نوسەرو خوێنەرانی وئەو پێگەیە, دەمەوێ هەندی رونكردنەوە بدەمە جەنابت.

سەرەتا سەبارەت بەوەی كە دەڵێیت بۆم نەرەخساوە بێم بۆلات, دەڵێم.

بەرێزم. من هەموو كاتێك دەرگام والأیە و هەركەسێك بیەوێ من ببینێت زۆر ئاساییە و زۆر ئاسان دەتوانێت بێتە لام, هەڵبەتە هەموو ئەوانەی هاتوون و دێن بۆ لام ئەوە باش دەزانن, بەلأم وادیارە تۆ هەر نەتەویستوە بێی بۆ لام, من دلنیام گەر بهاتیتایە بۆ لام زۆر باش لەو بابەتە حالی دەبوی.

سەبارەت بەوەی خانوێكی هەزار مەتریم هەیە چەند سالێكە چۆڵە و نایدەم بە كۆمەڵێ پۆلیس, من دەپرسم كێ تا ئیستا دواكاری لەو جۆرەی داوەتە دەستی من؟ تا من وتبێتم ناتوانم. دوای ئەوەش من تا ئێستا نەم زانیوە خانوی وام هەبێت ئەگەر دڵنایشی هەر هی منە ئەوا پیرۆزی تۆ بی, بۆیە ئەمجارەش دەڵیم ئەگەر بەرێزت تەشریفت بهێنایەتە لای من ئەوكاتە تێدەگەیشتی و بەو شیوەیە خراپ حالی نەدەبوی,

دوای خوێندنەوەی داواكەت من بەدوادا چونم لەسەر ئەو خانوە كرد, بۆ بەرچاو رونی جەنابت ئەو خانوە هی (ی.ن.ك)ە و هیچ پەیوەندیەكی بە منەوە نییە, خۆ ئەگەر (ی.ن.ك)یش دەیداتە جەنابت پێشكەشت بێ. بەلأم بەپێی زانیاریم كاتی خۆی كاك نەبەزی برام لەو خانوە دابوە خۆشت باش دەزانی ئەو لە چ بوارێكدا كار دەكات و بۆ ئەو بوارەش بەكار هاتووە, هەر بە پارەی (ی.ن.ك)یش نۆژەن كراوەتەوە, ئیستاش لەسەر داوای ئەمریكیەكان چۆڵە و هەندێك جار بۆ میواندارى تایبەت بە كاری دەهێنن.

تۆ پێش ئەوەی نوسراوەكەت لە كوردستان نێتەوە بنێری بۆم دەبوو باش پرسیارت بكردایە, لە پاسەوانەكە یان لە ماڵی كاك خەتاب و كاك مستەفا چالأوایی كە خۆت ناوت بردوون, بزانن ئەو خانوە هی كێیە و بۆچی بەكار دێت؟ چونكە ئیمە پرسیارمان لە پاسەوانی خانوەكە كرد دەڵێ من بە هیچ شێوەیەك نەمووتوە هی كاك بەرزانە و كاك بەرزان هەرناناسم.

كەواتە ئەوەی تۆ باسی دەكەی شتێكی بێ بنەمایە و هیچ ئەسڵ و ئەساسێكی نییە, دیارە لە بێ ئاگایی خۆشتەوە كوێرانە حوكمت داوە, دەنا ئەگەر بە ویژدانەوە لەو بابەتە بچویتایە پێش و ئامانجێكی راستت هەبوایە بە جددی خانوت بۆ پۆلیسی ئاوارە بویستایە وا بێ ویژدانانە حوكمت نەدەدا, هەموو

خەڵی شاری سلێمانی و خەڵکە تێ کۆشەرەکەی شاری کەرکوکیش ئێمە باش دەناسن و دەزانن ئەگەر شتێکی لەو جۆرەمان هەبێ چۆن بەکاری دێنین و دەدەینە کێ, مەگەر کۆنە جاش و کۆنە بەعسیەکان رقیان لێمان بێ و شتی وامان بۆ دروست بکەن, دەنا زۆربەی خەڵکی کەرکوك ئاگاداری ئەوەن کە ئێمە هەر لە ناو ئەوشارەدا چەندە کۆمەکی خەڵکمان کردووە, دەیان شوقە کە خەڵکی دەوڵەمەند کرپویەتی بە تەکلیف و داوای ئێمە دراوەتە خەڵکە هەژارەکانی شاری کەرکوك.

بەڕێزم... دووبارە دەڵێم ئەگەر جەنابتان ئەوەندە خەمخۆری پۆلیسن بەچاوی بەزەیە وە تێیان دەڕوانن, نەچوە بچێ ئەوە بڕۆ تەکلیف لەو کەسانە بکە کە پەیوەندیان بەو خانووەوە هەیە ئەوانیش حوکمەتی کەرکوك و دام و دەزگاکانیەتی, گەر خۆشت حەزت لێیە تێی بچی دەتوانی هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە داوا بکەی.

لە کۆتایشدا تکام وایە هەر کەسێك هات و باسی بابەتێکی لای کردی یەکرێ ساویلکانە لێی وەر نەگریت و بیکە بە نوسراوێك و لە ئینتەرنێك سەرنجی خوێنەرانی پێ رابکێشی, هەوڵ بدە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی باشی بۆ بکەی.

کاکی برا... ئەگەر بەو نوسراوە تێ ناگەی ئەوا دەتوانی بیتە لام لە سلێمانی و دەرگا والایە, روبەرو دادەنیشین و ئەو کات تێدەگەی هی کێیە؟ گەر هی منیش بوو دووبارە پیرۆزت بێ.

بەرزان ئەحمەد کوردە